Ministry of Higher Education and Scientific research

**بەش: زمانی کوردی**

**کۆلێژ: پەروەردە/ شەقڵاوە**

**زانکۆ: سەڵاحەددین**

**بابەت: ڕێزمانی بەراورد**

**ڕێبەری کۆرس – قۆناغی چوارەم**

**ناوی مامۆستا: م.ی. بەهزاد موحسین ڕەئوف**

**پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر**

**ساڵی خوێندن:٢٠٢٣- ٢٠٢٤**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | ڕێزمانی بەراورد |
| **2. ناوی مامۆستای بەرپرس** | بەهزاد موحسین |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردە/ شەقلاوە |
| **4. پەیوەندی** | ئیمێل:<br>Bahzad.raoof@su.edu.krd |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | ٢ کاتژمێر تیۆری |
| **6. ژمارەی کارکردن** | ڕۆژانی شەممە، چوارشەممە |
| **7. کۆدی کۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | - بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدیین 2003-2002<br>- ماستەر لە زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین 2009 |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | زمانەوانیی بەراورد، ڕێزمانی بەراورد، خوشکایەتیی زمانی کوردی و فارسی، یاسای ڕۆنانی کار، ڕەگی کار، ئامرازەکان. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**پێناسەی بابەت:** ڕێزمانی بەروارد لە زمانەوانیی کارەکی و بەراوردکاری ، بایەخ بە لایەنە ڕێزمانیە لێکچو و جیاوازەکانی نێوان دو زمان دەدا. هەروەها لە جوارچێوەی میتۆدی بەراوردکاریدا گرنگی بە گۆڕانە زمانیە مێژویی و ئێستاییەکانی نێوان دو زمان یان زیاتر دەدا.

**گرنگیی بابەت:** ئەم بابەتە درەختی بنجینە و خزمایەتیی زمانەکان نیشان دەدا و ڕادەە و پلەی یەکەمی و دوەمی و.. .هتدی هاوبەشی نێوان ئەو زمانانە دیاری دەکا، کە پێک بەراورد دەکرێن. بەراوردەکەش کارەکیە و بە پێی دۆخ و کەرەستە زمانیەکانی نێوان هەردو زمانەکە بە نمونەوە نیشان دەدرێن و دەسەلمێنرێن.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**ئامانجی بابەت:** ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە ئەوەیە:

1- قوتابی دوای تەواوبونی کۆرسەکە زانیاریەکی گشتیی لەبارەی زانستی بەراوردکاریەوە دەبێت. دەتوانێ خۆی وەک پسپۆڕێکی زمان لە ئاستی خۆیدا سەرەدەریەکی باش لە کردەی بەراورد بە میتۆدێکی زاننستیانە بکا

2- قوتابی جگە لەو زمانەی کە وەک مەنهەج بۆی دانراوە، تا بەراوردی زمانی "خۆی" کوردی پێ بکا، فێر دەبێ زمانی کوردی بە هەمو زمانێکی تر بکا، گەر فێری بوبێ.

3- قوتابی دەبێتە خاوەن کۆمەڵێك بنەمای زانستی لەم بوارەدا تاکو بەهۆیەوە بتوانێت لێکۆڵینەوە لە بوارەکەدا بکات و پەرە بە بوارەکە و تواناکانی لەو بوارەدا بدات.

4- قوتابی لە میانەی ئەم وانەیە و بەراوردکردنی بە زمانی دوەم، تا ڕاددەیەکی باش فێری زمانی دوەم دەبێ.

**12. ئەركەكانی قوتابی**

بەگشتی پێویستە قوتابی پابەندی ئەم خاڵانە بێت:

1- ئامادەبونی بەردەوام لە پۆلدا.
2- سەرنجدان و بەشداریکردن لە وانەکاندا.
3- ئامادەبون لە هەمو تاقیکردنەوەکاندا.
4- خستنەڕوی بەشێك لەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە دیاریکراون.

**13. ڕێگەی وانەوتنەوە**

- سەبارەت بە ڕێگای وانە وتنەوە، ئەم بابەتە پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێگای (وانەبێژی+پرسیار و وەڵام+گفتوگۆ+ بەراوردکاری) هەیە.
- لە کەرەستە و هۆیەکانی فێرکردن، وانەکە پێویستی بە (تەختە و ماجیك) هەیە.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

- لە ماوەی کۆرسەکەدا (2-3) تاقیکردنەوە دەکرێت بە نووسین هەر تاقیکردنەوەیەك لە سەر (20) نمرە دەبێت و دواتر تێکڕا لە سەر (40) دەردەهێنرێت و وەکو نمرەی کۆشش دادەنرێت.
- ئەو قوتابییانەی ڕاپۆرت یان سیمینار پێشکەش دەکەن، نمرەی زیادەیان بۆ دەخرێتە سەر نمرەی کۆشش.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

بابەتەکە چەند ئامانجێك دەپێکێ:

یەکەم: ئامانجی گشتی: قوتابی زانیاری پەیدا دەکات لەسەر بابەتەکە و دەبێت بە خاوەنی زانیاری و لێهاتویەك سەبارەت بە بەراوردی ڕێزمانی و باشتر ئامادە دەبێ، گەر لە دواڕۆژدا بچێتە ئاستەکانی دیکەی خوێندنی باڵا.

دووەم: ئامانجی تایبەتی:

أ- ئامانجی مەعریفی: قوتابی ئاشنا دەبێت بە بابەتەکانی گۆڕان لە دۆخە ڕێزمانیەکان لە نێوان هەردو زماندا، لە بوارەکانی ئامراز و ڕۆنانی وشە و یاساکانی ڕستەسازی و ئەرکە جیاجیاکانی مۆرفیمەکان.

ب- ئامانجی ویژدانی: قوتابی لایەنگری و خۆشەویستیی بۆ وانەکە بە گشتی و بەشە وانەکان پەیدا دەکات و زەوق و سەلیقەی ئەوەی دەبێت کاتیان بۆ تەرخان بکات و خۆی پێیانەوە خەریك بکات.

ت- ئامانجی ڕەفتاری: قوتابی دەتوانێ لە کاتی پێویست و لە کاتی بون بە مامۆستا یان وانەوتنەوەدا سود لە زانیاریەکانی وەربگرێت و بەکاریان بهێنێ.

**16. لیستی سەرچاوە**

- **سەرچاوە بنەڕەتیەکان:**


1- ڕێزمانی بەراورد، ساجیدە فەرهادی و شلێر ڕەسول، هەولێر، ٢٠٢٠..
2- یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، نامەی کتۆرا، ز.سەلاحەددین، ١٩٩٨.
3- بەهزاد موحسین ڕەئوف، تێنس لە نێوان زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی و فارسیی ستانداردا، نامەی ماستەر، ز.سەڵاحەددین، ٢٠٠٨.
4- عەبدولوەهاب خالید موسا، ڕێزمانی "بون و هەبون" لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، ز.سەڵاحەددین، ٢٠٠٠.
5- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، ز.بەغدا، ١٩٩٥.
6- ڕێزمانی کوردی، ئاوڕەحمانی حاجی مارف، هەموو بەشەکانی (ناو، جێناو، ژمارە و ئاوەڵکردار، کار، جێناو..

- **سەرچاوەی سوودبەخش:**

1- جان لاینز، مقدمەای بر معناشناسی زبانشناختی، ترجمە: حسین والە، تهران، ١٣٨٣

2- زین پور، تالقانی، دستور زبان فارسی، تهران، ١٣٦٩.

3- وشەڕۆنان، ئاوڕەحمانی حاجی مارف، 1987.

4- مهدی معینیان، دستور زبان فارسی، تهران، ١٣٦٩.

| ناوی مامۆستای وانەبێژ | 17. بابەتەکان | | |
|---|---|---|---|
| بەهزاد موحسین.. هەفتانە 3 کاژێر | ناوی بابەت | هەفتە | ئامانج |
| | -ناساندنی بابەتەکە و کۆرسبوک.<br>-زمان و ڕێزمانی بەراورد.<br>- تایبەتمەندیی زمانەوانی بەراوردکار. | هەفتەی یەکەم | |
| | -زمانەوانیی گشتی و زمانەوانیی تایبەت.<br>-ئەرکی ڕێزمانی بەراورد. | هەفتەی دووەم | |
| | -بەراوردی کاری ڕابردوی کوردی بە ڕابردوی فارسی. -ڕانەبردوی کوردی بە ڕانەبردوی فارسی. | هەفتەی سێیەم | |
| | -کار لە نێوان زمانی کوردی و فارسی.<br>-ڕەگی کاری کوردی و فارسی.<br>-کاری کوردی و فارسی لە ڕوی داڕشتنەوە.<br>-کاری ئاسایی و یاریدەدەر. | هەفتەی چوارەم | |
| | - بەراوردی "هەبون" و "داشتن"ی خاوەنداری. | هەفتەی پێنجەم | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| - بەراوردی "هەبون" و "هستیدن"ی وجودی. | هەفتەی شەشەم | | |
| - بەراوردی "بون" و "بودن"ی کەینونە. | هەفتەی حەوتەم | | |
| - بەراوردی "بون" و "شدن"ی سەیرورە. | هەفتەی هەشتەم | | |
| - بەراوردی ئامرازەکان.<br>- ئامرازی "لە". | هەفتەی نۆیەم | | |
| - ئامرازی "بۆ" و "بە" | هەفتەی دەیەم | | |

18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت): نیە

**تێبینی: بەهۆی ئەوەی قۆناغی چوارەم مانگێگ ڕاهێنانیان هەیە، چوار هەفتە کەمتر دەخوێنن لە قۆناغەکانی تر.**

**19. تاقیکردنەوەکان**

پ1:بەراوردی "دەمهێنا" و " اوردەام" لە ڕوی ڕۆنانەوە بکە؟

پ2: بەرامبەر ئامرازی پەیوەندی "لە"ی کوردی لە زمانی فارسیدا چ ئامرازێک بەکاردێ و چۆن؟

پ3: ئەرکی ڕێزمانی بەراورد چیە؟

**20. تێبینی تر: نییە**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**